

## مەنسور حیکمەت

# ◘ لەپێناوی داکۆکی کردن لەخواستی سەربەخۆیی کوردستانی عێراقدا

# ◘ فیدراڵیزم شیعارێکی کۆنەپەرستانەیە

# ◘ ئەبێ قەومیەت مەسەلەیەکی شەخسی بێت

دوبارە لەچاپدانەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان / نۆکتۆبەری 2008

مەنسور حیکمەت

◘ لەپێناوی داکۆکی کردن لەخواستی سەربەخۆیی کوردستانی عێراقدا

◘ فیدراڵیزم شیعارێکی کۆنەپەرستانەیە

◘ ئەبێ قەومیەت مەسەلەیەکی شەخسی بێت

وەرگێرانی : سەعید ئەحمەد

وەرگێرانی : جمال محسن

مۆنتاژ : نوری بەشیر

سایتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان

www.hkkurdistan.org

ئیمەیڵی حزب

hkkurdistan@yahoo.com

# لەپێناوی داکۆکی کردن لە خواستی سەربەخۆیی کوردستانی عێراقدا

## خستنەڕووی بەرایی باسەکە

### هێزی سێیەم، هێزی یەکەم

ئەمڕۆ لە کوردستانی عێراقدا قسە لە زەروورەتی سەرهەڵدانی هێزێکی سێیەم ئەکرێت. ئیفلاسی سیاسیو بێئاسۆیی دوو ڕەوتە سەرەکییەکەی ناسیۆنالیزمی کورد لەعێراقدا، یەکێتی نیشتمانیو پارتی دیموکرات، بۆ جەماوەری فراوانی خەڵك ئاشکرا بووەو نسیبی ئەوان چ لە "دەوڵەت"و چ دواتر لەشەڕی دەسەڵاتی ئەم حیزبانەدا جگە لەهەژاریو بێبەشیو نائاسودەییو بێمافی شتێکی تر نەبووە. لەڕوانگەی زۆرێك لە خەڵکەوە، وە تەنانەت لە ڕوانگەی خودی دوو حزبە ناسیۆنالیستییە سەرەکییەکەوە، هەرئێستا هێزێکی سێیەم لەمەیداندایە، ئەویش حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقە.

بەڵام عیبارەتی هێزیٍ سێیەم دەتوانێ ڕێلێونکەر بێت. ئەم وەسفە بۆ حزبی لیبراڵ– دیموکراتی بریتانیا یان ڕەوتی راس پرو لە ئەمریکا گونجاوە. بەڵام لەکوردستانی عێراقدا هەلومەرجێکی پەرلەمانیی وەیان کۆمەڵگایەکی سەقامگیرو نۆرماڵی پلۆرالیستی بەرقەرار نییە.

هێزی سێیەم قەرار نیە بەشێك لە كورسی‌یەكانی ئەم یان ئەو پەرلەمان لە دەستی دووانەكەی تر دەربێنێ. مەسەلەكە لەسەر گۆڕینی نیزامێكی دوو حزبی نیە بۆ نیزامێكی فرە حزبی. كوردستانی عێراق كۆمەڵگایەكە كە مەوقعییەتێكی ناجێگیرو گوزاری هەیە. كۆمەڵێك ڕووداوی گرنگ چاوەڕێی ئەم كۆمەڵگایەو ئەم خەڵكە دەكات كە سەرتاپای ئەم دیمەنە بەخێرایی تێكوپێك دەدات. خەباتێك كە لەنێوان هێزە سیاسی‌یەكان لەئارادایە خەباتێكە لەسەر ئەم داهاتووە. لەسەر وەڵامێكە كە بە هەلومەرجی نادیاری ئەمڕۆ دەدرێتەوەو ڕێگایەك كە دەخرێتە بەردەم خەڵكی. لەگەڵ هەر ئایندەیەكدا، لەبنەڕەتدا تەنها یەك هێز سەرئەكەوێو لەگەڵ سەركەوتنی هەر هێزێكیشدا تەنها یەك ئایندە دێتە ئاراوە. هێزی سێیەم یان دەبێ ببێتە هێزی یەكەم، یان ببێتە تەماشاكەری ئەوەی كە چارەنووسی كوردستانی عێراق، لانی كەم لەم دەورەیەدا، بۆرژواكان دیاری بكەن. ڕووی مەسەلەكە بۆ حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری‌ی عێراق ئەمەیە. حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری‌ی عێراق دەبێ ڕێگای دەرباز بوون لە بارودۆخی ئەمڕۆ نیشان بداتو هێزی خەڵكی‌و لەسەروویانەوە چینی كرێكار بۆ وەدیهێنانی جۆش بدات.

## دوو گرێی سەرەكی

هەلومەرجی ناسكو ترسناكی ئەمڕۆی كوردستانی عێراق لە بناغەوە دەرەنجامی دوو واقعییەتی سەرەكی‌یە. یەكەم، مەسەلەی كورد، وەكو مەسەلەیەكی میللی چارەسەر نەكراو نەتەنها لە عێراقدا بەڵكو لە تێكڕای ناوچەكەدا، وە دووەمیش، شەڕی عێراقو ئەمریكاو بەدوای ئەویشدا نادیار بوونی جێوشوێنی حقوقی– سیاسی‌و ناسنامەی وڵاتی‌ی كوردستانی عێراق. ئەم دوو گرفتە لەكوردستانی ئەمڕۆدا بەجۆرێك پێكەوە گرێیان خواردووە كە لێك جیاناكرێنەوە. هەربۆیە وەڵامێك دەتوانێ كارسازو واقعی بێت كە لە هەمان كاتدا وەڵامی هەردوو گرفتەكە بداتەوە. بەبڕوای من، لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا، خواستی كردنی كوردستانی عێراق بە وڵاتێكی سەربەخۆ دەبێ یەكێك بێت لە خاڵە میحوەری‌یەكانی پلاتفۆرمی سیاسی كۆمۆنیزمی كرێكاری. تەنها ئەم خواستە وەڵامی مەسەلەی میللی‌و نادیاری‌ی سیاسی‌و ئیداری‌ی ئەمڕۆی كوردستانی پێیە. تەنها ئەم خواستە دەتوانێ لە جەرگەی ئەم بێسەروسامانی‌و داڕوخانە ئابووری‌و كۆمەڵایەتی‌یەدا، ئاسۆیەكی ئەقڵانی‌ی بۆ دەرباز بوون لەم هەلومەرجە بخاتە بەردەم خەڵكی كوردستان. وە تەنها ئەم شیعارە ئیمكانی ئەوە ئەبەخشێ كە كۆمۆنیزمی كرێكاری ڕەوتە ناسیۆنالیستی‌یەكان لەنێو خەڵكی‌دا تەریك بكاتەوەو، وەكو هێزی یەكەم دەربكەوێو بەرنامەی كرێكاری‌و سۆسیالیستی‌ی خۆی بكاتە بەهێزترین ئەلتەرنەتیڤ لەگشت كۆمەڵگادا. مەبەستی من لەم نووسینە كورتەدا خستنەڕووی ئەم باسەو چوونەسەر هەندێ لە لایەنە گرنگەكانێتی.





بەدەست بهێنیت كە جەماوەری كوردستان خەیاڵیان مورتاح بێتو هەتا بتوانیت وەڵامی ناسیۆنالیستە كوردەكان بدەیتەوە، ئەبێ مەسەلەكە بدەیتە دەست جەماوەر خۆی. لە ڕاستیدا لەو باوەڕەدام كە جەماوەری كوردستان، سەرباری ئەم مێژووەی، لە ڕیفراندۆمێكی ئازادانەدا دەنگ بە جیابوونەوە نادات. ئەمە هەڵسەنگاندنی شەخسی خۆمە. مەسەلەكە ئێستا بەمجۆرەیە. هەتا سەرباری ئەو وەزعە تراژیدیە، ئەمە بەدەر لەوەی حكومەتێكی ئازادیخواز دەسەڵات بگرێتە دەست لە ئێران كە جەماوەر نوێنەرایەتی بكرێت تیایداو شورای سنە هەمان ئەو سەلاحیەتانەی هەبێت كە شارێكی تر هەیەتی.

**وەرگێرانی : جمال محسن**

ماڤ خۆیەتی دەوڵەتی خۆی درووست بکات. مەسەلەکە هەرگیز بەوجۆرە نەبووە. هەروەك چۆن ئێمە بڕیار نادەین دینەکان ماڤ خۆیانە دەوڵەتی خۆیان هەبێت، ئێمە بڕیاری ئەوەش بۆ تەواوی میللەتەکان نادەین. لە بنەڕەتدا دەوڵەت نە بە مانای نەتەوە،و نە میللەتەو نە دین، بگرە ئەوە یەکێتی هەڵبژێردرواى ئینسانەکانە. هەربۆیە هەر کۆمەڵەیەك بیانەوێ پێکەوە بژین ئەبێت بتوانن پێکەوە بژین. تێزی میللەتو نەتەوە لە پێناسەکردنی دەوڵەت بەو مانایەی ئەوە دەوڵەتی ئێرانیەکانەو ئەوە دەوڵەتی لوڕیەکانو...هتد بە بڕوای من مەسەلەیەکی کۆنەپەرستانەو دواکەوتووانەیە.

هەمیشە ووتوومانە ئەوەندەی تایبەت بە کوردستانە ئەوە مەسەلەیەکی نەتەوەییەو هەیە. بەهەمان شێوەی مەسەلەی فەلەستین کە مەسەلەیەکی نەتەوەییەو هەیە. لەکاتێکدا باسك مەسەلەیەکی نەتەوەیی نیە. لەگەڵ هەموو ئەو کاری تەقاندنەوانەی باسکییەکان لە باکوری ئیسپانیا پێی هەڵئەستن، مەسەلەی باسك مەسەلەیەکی نەتەوەیی نییە. بەڵام مەسەلەی فەلەستین مەسەلەیەکی نەتەوەییەو وەڵامی ئەوێت. مەسەلەی کوردستان مەسەلەیەکی نەتەوەییەو وەڵامی ئەوێت. بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە کە مەسەلەی خوراسان پێویستی بە وەڵامە. لەوێ کێشەیەکمان نیە. بەس ئەگەر بزووتنەوەیەکی دەمارگیر لەهەردوولا پێك بێتو 50 ساڵ تەزویر بکەنو یەکتر بجولێننو خوێن برێژن، وە پاڵ بە خەڵکەوە بنێن یەکتر بخنکێننو مەسەلەیەکی نەتەوەیی لە لورستانیش بێتە بوون، ئەو کات ئیتر ئەبێ بەپێی هەمان سیاسەت مامەڵەی لوڕستانیش بکەین. بەڵام ئێستا سیاسەتو ڕێگەچارەمان بۆ کوردستان چیە؟ چارە هەڵبژاردنی پێکەوەژیانی ئیختیارییە. ئەبێ ڕیفراندۆم بخەینە بەردەست تاکو جەماوەر بزانێت کە ئەوە ئەوە بڕیار ئەدات، بەڵام ئەتوانین پێشنیاری ئەوە بکەین کە بمێنێتەوەو نەڕوات، گەر سیستمی شورایی بێ کە دەسەڵات بەدەست گەڕەکەکانە، دەسەڵات بەدەست هەر یەك لە تاکەکانی کۆمەڵگایە. ئەو کات پێچەوانەییەك نییە. ئێمە جیابوونەوە ناخەینە بەردەم. ئێمە بڕیار لەسەر ماڤ ڕیفراندۆم ئەدەین. ڕیفراندۆم بۆ جیابوونەوەی کوردستان، بە هۆی بوونی جەلادەکانی حکومەتە ئیسلامیو شاهەنشاییەکان لە کوردستان، وە بەهۆی بێبەشبوونی خەڵك لە مافە بنەڕەتیەکانیان، وە بەهۆی میلیتاریزەکردنی بەشێکی هەمان وولات لەسەر دەستی حکومەتی هەمان وولاتو بۆمبارارانکردن بە هاوەنو ڕومانە، مەسەلەیەکی چارەهەڵنەگرە. تۆ وە بۆ ئەوەی ئەو بڕوایە





# مەسەلەی کورد

مەسەلەی کورد یەکێکە لە گرنگترین مەسەلە میللییە چارەسەر نەکراوەکان لە جیهانی ئەمڕۆدا. خەسڵەتی ناوچەیی ئەم مەسەلەیەو لەنێودا بوونی پێی سێ دەوڵەتی ئێرانو عێراقو تورکیا، یەکەم، بەرجەستەییو گیان سەختییەکی تایبەتیی بەخشیوەتە مەسەلەی کورد، وە دووەم چارەسەر کردنی ئەم مەسەلەیەی تەنانەت لەچوارچێوەی هەریەکێك لەو وڵاتانەشدا زۆر دژوارو ئاڵۆز کردووە. ناوەڕۆکی عملیی مەسەلەی کورد لە هەرسێ وڵاتەکەدا ڕێك وەکو یەك نییە. مەوداو ئەبعادی ستەمی میللی، جیۆشوێنی حقوقیی خەڵکی کوردستان لەچوارچێوەی هەر وڵاتەو پەیوەندی ئەوان لەگەڵ باقی خەڵکی وڵاتداو لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزیدا، هەلومەرجی سیاسیو ئابووری کوردستان، جۆری ڕژێمە سیاسییەکانو ...تاد لە هەریەکێك لەم سێ وڵاتەدا تایبەتمەندی خۆی هەیە. لەم نووسینە کورتەدا دەرفەتی ئەوەمان نییە بچینە سەر باسی جیاوازییە گرنگەکانی نێوان لایەنە جیاجیاکانی مەسەلەی کورد لەم سێ وڵاتەدا. لەبارەی عێراقەوە دەبێ ئاماژە بۆ چەند خاڵێك بکرێت. لە عێراقدا ستەمی میللیو جیۆشوێنی ژێردەستەی خەڵکی کوردستان مەسەلەیەکی سروشتیو ڕەسمییە. ناسنامەی قەومیی کورد لە یاساکانی عێراقدا نەك تەنها حاشای لێناکرێ، بەڵکو وەکو یەکێك لە پایەکانی کۆمەڵگای عێراق بەڕەسمی دەناسرێ. بەڵام ئەم بەڕەسمی ناسینە لە وڵاتێکدا کە بەڕەسمیو ئاشکرا وەکو وڵاتێکی عەرەبیو بە بەشێك لە جیهانی فراوانتری "عەرەب" پێناسە دەکرێت، هاوتایە لەگەڵ پێناسەکردنی کورد وەکو ئینتمایەکی میللی پلە دووەمو هەمیشەیی کردنو ئیجباری کردنی ئەم جیۆشوێنە پلە دووە بۆ کەسانێك کە وەکو "کورد" لەدایك دەبن. کورد بەپێی پێناسە لەعێراقدا هاووڵاتی پلە دووە. تەنانەت بەپێچەوانەی تورکیاوە، کە تیایدا ناسنامەی قەومیی کورد لەبنەڕەتەوە حاشای لێدەکرێو ئەتباعی وڵات بەپێی پێناسە بەتورك دەژمێردرێن، لەعێراقدا، بۆ کەسێك کە مۆری "کورد" لەنێوچەوانی دراوە، تەنانەت ڕێگاچارەیەکی فەردیش لەدەست ئەم ژێردەستەیییە قەومییە لەئارادا نییە. "کورد"ێك لە تورکیادا ناچارە ببێتە "تورك"، بەڵام لە عێراقدا، تەنانەت ئەگەر بشیەوێ ناتوانێ ببێتە "عەرەب". سنوورەکانی ناسنامەی قەومیی لەعێراقدا سڕینەوەی ئیمکانی نییە، ئیمکانی پشت گوێخستن یان فەرامۆش کردنی نییە. مەسەلەی کورد بەحوکمی عەرەبی بوونی عێراقو قەومی بوونی پێناسەی "عەرەب"، لەچوارچێوەی عێراقدا چارەسەری مەحاڵە.

ڕژێمی عێراق ڕژێمێکی ناسیۆنالیستی عەرەبەو لەگەڵ هەموو دانیشتووانی ئەم وڵاتەدا بەکوردو عەرەبەوە بێئەندازە سەرکوتگەرو هارە. خەڵکی کوردستان بەشێوەیەکی تایبەتی

چەندین جارو بەتراژیدیترین شێوە ئەم سەرکوتو دڕندەییەیان تەجروبە کردووە. سەرەڕای هەموو کوێرەوەریو گرفتەکانی ئەمڕۆ، یەکێك لەکابووسەکانی خەڵکی کوردستانی عێراق گەڕانەوەی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعسە. بەڵام تەنانەت گۆڕانکارییش لە ڕەفتاری سیاسی ڕژێمی عێراقدا ڕووی مەسەلەکە ئەوەندە بۆ خەڵکی کوردستان ناگۆڕێ. تا ئەوکاتەی کە ناونیشانی "کورد" بەمانای ئینتسابی فەرد بێت بۆ توێژێکی "کەمینە"و "پلە دوو" لە کۆمەڵگادا، مەسەلەی کورد لەجێی خۆی دەمێنێتەوە. ئەمە ئاکامی حەتمیی بەعەرەبی پێناسەکردنی عێراقە. لە نیزامێکی وادا، بەدەر لە خەڵقو خوی دەوڵەتی مەرکەزی لە بەغداد، بەشێکی گەورە لە کۆمەڵگای عێراق هەمیشە لەژێر سووکایەتی، بێمافی، نائەمنیو هەڕەشەی زەربەخواردندا دەمێننەوە.

## وەڵامی گشتی، وەڵامی دیاریکراو

مەسەلەی کورد لە عێراقدا دەبێ وەڵامی پێ بدرێتەوە. سەربەخۆیی کوردستانی عێراق لە ڕوانگەی کۆمۆنیزمی کرێکارییەوە بێگومان یەکەمین هەڵبژاردن نییە. وەڵامی یەکەمی ئێمە بە مەسەلەی میللی لە گشت ناوچەکەدا شۆڕشی کرێکارییە. شۆڕشێکی کۆمۆنیستی کە ئەو سنوورانەی ئینسانەکان لێك جیا ئەکاتەوەو بەسەر وڵاتو قەومو میللەتو دینی جیاجیا دابەشیان دەکاتو لەبەرامبەر یەکتردا ڕایان دەگرێ، لەنێو دەبات. شۆڕشێك کە ئینسانەکان لە خورافەی میللیو لە کۆتی ناسنامەی میللی ئازاد دەکاتو بەمانای واقعی دەیانکاتە ئینسان. سەربەخۆیی کوردستانی عێراق تەنانەت دووەم هەڵبژادنیشمان نییە. عێراقێکی غەیرە قەومی، عێراقێکی ئازاد کە تیایدا هاووڵاتیان بەبێ لەبەرچاوگرتنی قەومییەتو ئینتمای میللییان لە مافە مەدەنییە یەکسانەکان بەهرەمەند بن، عێراقێك کە تیایدا نە پرسیار لە قەومییەتی هاووڵاتیان بکرێو نە لەهیچ شوێنێکدا تۆمار بکرێو نە لە هیچ یاساو دانراوێکدا ناوی بێت، بێگومان لە جیایی کوردستان باشترە. ئەم دوو ئامانجە هەردووکیان، چی ڕێکخستنو وەدیهێنانی شۆڕشێکی کرێکاری لە عێراقو لەگشت ناوچەکەداو چی پێکهێنانی ڕژێمێکی سیاسی ئازادو عەلمانیو غەیرە قەومی لە عێراق کە تیایدا "کورد"و "عەرەب"و هەموو ئەو کەسانەی کە ئیتر ئامادە نین بەم ئەلقابە قەومییانە دەستەبەندی بکرێن، وەکو هاووڵاتییانی خاوەن مافی یەکسان بەڕەسمی بناسرێن، ئامانجی ڕاگەیاندراوی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقە. هەڵوێستی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق وەکو حزبێکی سەراسەری لەبەرامبەر مەسەلەی کورددا بەدروستی لەسەر دوو کۆڵەکەی بنچینەیی وەستاوە. یەکەم، شۆڕش لە سەرتاپای عێراقداو، وەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی غەیرە قەومیو لابردنی ستەمی میللی، وە دووەم، بەڕەسمییەت ناسینی مافی خەڵکی کوردستانی عێراق بۆ جیابوونەوەو پێداگرتن لەسەر مەبدەئی ڕیفراندۆم. بەڵام ئەم هەڵوێستە گشتییە ئەگەرچی لە گۆشە نیگای حزبێکی





ببەستێتەوەو بەدوای خۆشیدا BBC و CNN بهێنێت. ئەبێت نەوەیەکی تەواو ڕامالێ تا فرسەت بۆ جێگیربوونی حکومەتێکی قەومی بڕەخسێنێ لەم وولاتەدا و ڕایبگەیەنێت کە ئەم ناوچەو زەویە هی تورکەکانە، ئەوەی تریان هی لوڕییەکانەو، ئەو ناوچەیەی تریش هی بلوجەکان. ئەوەی جێی سەرنجە کۆمەڵگا فیدراڵییەکەیان پشت بە دابەشبوونی پارێزگاکانی کۆماری ئیسلامی ئەبەستێ. باشە، ئەگەر سبەینێ کۆماری ئیسلامی لە ئازەربایجان بکرێ بە سێ بەشەوە، ئایا ئەو کاتە سێ کۆماری ئۆتۆنۆمیو چەند کۆمارێکی فیدراڵیمان نابێت؟ شتێکی تریش، کێ ئەو سنورانە ئەکێشێت؟

لێرەدا باسی شاری تاران نموونەیەکە. تارانی مانای چییە؟ هەر کەسێك بێت بۆ تاران بە خۆی ئەڵێت تارانی. ئەو لەو ڕووەوە ڕاستەو بەچاوێکی ڕەواوە ئەبینێت. تاران تێکەڵێکە لە خەڵکانێك کە لە ناوچەی جیاجیاوە هاتوونو لەوێ ئەژین. فیدراڵیزم بە واتای خنکاندنی یەکترە بە دەستی یەکتر لە تاراندا. نەك لەسەر شاخو کێوەکانی لوڕستانو کوردستان، بەڵکو لەناو تاراندا یەك ئەخنکێنن! ئەوەش بۆ ئەوەیە بیسەلمێنن کە ڕاستگۆو بەوەفان بۆ کۆماری فیدراڵییەکەیان. ئەوەش ئەو کێشەیەیە کە بەسەر سەرایڤۆ هات لە بۆسنە. خۆمان ئەوەمان بینی. ئەوەتا یوگوسلاڤیا بەبەرچاومانەوەیە. ئەوە فیدراڵیزمە.

چیا (یەکێك لە پاڵتاکدا) ئەپرسێت: بەڵام ئەی باشە بۆچی جیابوونەوەت پێ قبوڵە؟ ئایا لێرەدا پێچەوانەییەك نییە؟

نەخێر، هیچ پێچەوانەییەك نیە. لەبەرئەوەی هەندێ جار، بە هۆی شۆڤێنیزمی ناو حکومەتی ناوەندیو ناسیۆنالیستە ناوخۆییەکانەوە (محەلیەکانەوە)، قینەی قەومی زۆر قووڵ ئەبێتەوەو ئەوە بە ڕادەیەك ئەبێت کە مێژوویەك لە سەرکوتو مەینەتی و دژایەتی بەشوێن خۆیدا ئەهێنێ بۆ تاکە جیاجیاکانی کۆمەڵگا کە ڕێگەیەك بۆ نیەتی باشی ئێوە ناهێڵێتەوە، و ئەو کاتەش ئەڵێیت بەپێی ئەو مێژووە خوێناویەو ئەوەی کە میللەتێك لەژێر سایەی زوڵمدا بووەو ئیتر ئینسجام مانایەکی نەماوە، وەرنو دەنگ بدەن تا ببینین کە ئایا ئەبێت جارێکی تر تەجروبەی ژیانێکی پێکەوەیی بکات یان ئەبێ وولاتی خۆی دروست بکات. ئەوە دەرمانێکی تاڵە. جیاکردنەوەی کۆمەڵێك لە کۆمەڵگا کە پێشتر تیایدا ژیاونو دابەشکردنیو جیاکردنەوەی بە پێی شوناسی قەومی مەسەلەیەکی تاڵە. بەڵام ئەگەر ناچارکراین بەوە، ئیتر ئەبێ بیکەین. ئێمە هیچ کاتێك ئەوەمان ڕانەگەیاندووە کە بڕیار ئەدەین هەر میللەتێك

دووەمیانم). ئەمە بۆ ئێمە ئەبێت مەسەلەیەکی شەخسی بێت.

ئایا لەدوای 23 ساڵ لە دەسەڵات بە ناوی دینەوە، کردنی دین بە کۆڵەکەکانی دەسەڵات، کردنی دین لە مەسەلەیەکی شەخسیەوە (کە لە سەردەمی شاشدا مەسەلەیەکی شەخسی نەبووە) بە بنەمای دەسەڵات، دوای 20 ساڵ لە دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی، ڕێگە ئەدەین قەومیەتیش هەمان ڕۆڵ بگێڕێت؟ نا، ئەزیزم! قەومیەتی ئینسان، جا گەر تورك، فارس، كورد، عەرەب، یان بلوجی بێت، هەروەك شیعە، سوننە، بەهاییەکان، یان یەهودی، مەسەلەیەکی تایبەتە بە خۆی. ئەوە لای ئەوان بەڕێزە، پێیان باشە. بەڵام ئەبێت بوار نەڕەخسێ وەزعێك بێتە پێش ئەو تێزە پەیوەندی بە جۆری ژیانی بە کۆمەڵمانەوە پەیدا بکات. نابێ بوارێك بڕەخسێت ئەو تێزە بکرێتە یاسا. دواتریش سبەینێ، هەروەك چۆن ناهێڵین، پێناسەیەکی دینی ئیزافە بکەنە سەرمانو پێمان بڵێن ئێوە شیعەن، وە ئێوە سوننەن، وە ئێوە بەهایین، وە ئێوە مەسیحیو یەهودن وە جیاوازن لەوانی تر لە فلانە بواری دیاریکراودا یان لەو مەیدانە دیاریکراوەدا، وە سبەینێ ئەڵێن ئێوە لوڕین چی ئەکەن لێرە؟ ئێوە کوردن بۆ هاتوون بۆ ئەم بەشەی شەقامەکە؟ ژمارەی ئۆتۆمۆبیلەکەت سەربە شاری سمنانە، بۆچی ئۆتۆمۆبیلەکەت لە شەقامی بلوار لە ناوەڕاستی شاری سنە جێهیشتووە؟ ئێمە نامانەوێ قەومیتەمان ببێت بە بەشێك لە پێناسمانو نامانەوێ بیکەن بە بەشێك لە دەسەڵات. ئەکەر پێت وایە کە ئیسلامی سیاسی مەسەلەیەکی قێزەونەو حکومەتی ئیسلامیو حکومەتی دینیو حکومەتێك کە دین ئەکات بە ئایدۆلۆژیای باڵادەستو بنەمایەك بۆ دەسەڵات قێزەونە، ئیتر بە بڕوای من، بە یەك زەڕرە بیرکردنەوەوە، ئەتوانی دەرکی ئەوە بکەیت کە بۆچی پێمان وایە حکومەتی قەومیو حکومەتی فیدراڵی قێزەونن. ئەوانە بەهەمان پێوانە قێزەونو خوێناوینو بەقەدەر یەکیش توندوتیژو دواکەوتوون.

ئەمە هەڵوێستی ئێمەیە سەبارەت بە فیدراڵیزم. ئەگەر کەسێك وویستی پارێزگاری لە حکومەتی دینی لە ئێران بکات، ئێمە بە لایەنێکی بەرهەڵستکار ئەزانێت، ڕووبەڕووی هەموو ئامادەبووانی ئەم ژوورە دەنگیە ئەبێتەوە. هەروەها گەرکەسێك وویستی سبەینێ حکومەتێکی قەومی بهێنێ بۆ ئێران، ئەوە ئێمە ئەو لایەنەین کە بەرهەڵستی ئەکەین. ئەبێ ئەوە بزانێ کە ئەبێ پێ بە ئێمەدا بنێتو بمانشێلێت، ئەبێ مەڵبەندەکانی شکەنجەو گۆڕەپانەکانی ئیعدام دابنێ. ئەبی بڕواتو سی. ئای. ئەی (CIA) بهێنێتو خۆی بە ناتۆوە





سەرتاسەریەوە کافیو مەبدەئیە، لە گۆشە نیگای کۆمۆنیزمی کرێکاریەوە لەخودی کوردستانی عێراقدا هێشتا دەبێ موشەخەستر بکرێتەوە. پرسیار ئەوەیە: ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە خەڵکی کوردستانی عێراق ڕای خۆیان، لە ڕیفراندۆمێکدا، لەبارەی جیا بوونەوە یان مانەوە لەچوارچێوەی عێراقدا دەرببڕن؟ وە ئەگەر وەڵامەکەی ئیجابیە، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق چ وەکو بەشێك لەم خەڵکەو چ وەکو نوێنەری بەرژەوەندیەکانی چینی کرێکار لەم کۆمەڵگایەدا کام هەڵبژادن پێشنیاز دەکات؟ بەبڕوای من وەڵامی پرسیاری یەکەم بێهیچ گومانێك ئیجابیە، بەبێ یەکلاکردنەوەی دەسبەجێی کوردستان لەڕووی حقوقیەوە دەرباز بوون لە موسیبەتو کوێرەوەریەکانی ئەمڕۆو دەرباز بوون لەم تەنگژەیەی ئەمڕۆ ئیمکانی نیە. ئەم یەکلاکردنەوەیە دەبێ لەسەر ڕاو هەڵبژاردنی خودی خەڵکی کوردستانی عێراق ئەنجام بدرێت. دووەم، هەڵوێستی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق دەبێ جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بێت لەکوردستانی عێراقدا. بەبڕوای من، تەنها ئەم هەڵوێستە لەگەڵ هەلومەرجی موشەخەسی ئەمڕۆ، چ لە ناوچەکەو چ لەئاستی نێو نەتەوەییدا، دێتەوە. وە ئەمە ئێمە دەگەیەنێتە گرێی دووەم لەم باسەدا: بێ ناسنامەیی وڵاتیو سەرگەردانیی سیاسی–ئیداری کوردستانی عێراق.

## "کوردی عێراقی" هاووڵاتی ی کوێیە؟

کاتێك دوابەدوای جەنگی کەنداو باسی پێکهێنانی ناوچەیەکی ئەمنیی لەباکوری عێراقدا هێنرایە ئاراوەو لەگەڵ پێشوازی ڕەوتە ناسیۆنالیستەکانی کورد بەرەوڕوو بووەوە، هەرئەوکاتە ئێمە لە بڕیارنامەی مەکتەبی سیاسی ئەوکاتەی حزبی کۆمۆنیستی ئێراندا زەنگی بێداریمان لە ئاکامە کۆمەڵایەتیو حقوقیەکانی ئەم هەنگاوە لێدا. ووتمان بەپێچەوانەی تەبلیغاتی میللیگەرایانی کوردەوە، پێکهێنانی ناوچەی ئەمنیی لە کوردستانی عێراق نەتەنها مەسەلەی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستان ئاسان ناکاتەوە، بەڵکو کوردستانی عێراق لە قەوارەی کۆمەڵگایەك دەردێنێو دەیکاتە ئۆردوگایەکی فراوانی پەنابەرێتی. ئۆردوگایەك کە جموجۆڵو ژیانی کۆمەڵایەتیو ئابووریو فەرهەنگیی تێدا نیەو، ئۆردوگایەك کە بۆ مانەوەی خۆی موحتاجی کۆمەکی ماددیو شمەکیی خارجە. ئەم ڕووداوە ڕووی داو ڕێك هەر ئەم هەلومەرجە هاتە پێشەوە. خەڵکی کوردستانی عێراق باجێکی گەورەیان دا لەبەرامبەر "ئەمنییەت"ی خۆیاندا. خەڵکی کوردستانی عێراق لەم بڕگەیەدا لەکردەوەدا هیچ تەبەعییەتێکی وڵاتیان نیە. کوردستانی عێراق بێ قانوون (هەر قانوونێك)و بێدەوڵەتە (هەردەوڵەتێك). بێناوەڕۆکیی شانۆگەریی پێکهێنانی پەرلەمان لەلایەن ئەحزابێکەوە کە لەلایەن غەربەوە بۆ پارێزگاری کردن لەم ئۆردوگایە دانرابوون زۆر زوو ئاشکرا بوو. پەرلەمان، بەبێ حەقی

حوكمڕانیی مانایەكی نییە. هەروەك چۆن كە بەرنامەڕێژیی ئابووری، بەرهەمهێنان، ڕێكخستنی خزمەتگوزارییە كۆمەڵایەتییەكان، صحە، فێركردنو بارهێنان، نەزمو ئاسایشو بەرقەراركردنی قانوون بەبێ یەكلاكردنەوەی مەسەلەی دەوڵەتو حوكمڕانی مانایەكی نییە. تائەوكاتەی كە چارەنووسی كوردستان لەڕووی ناسنامەی وڵاتیو مەسەلەی حوكمڕانییەوە موشەخەس نەبووەتەوە، تائەوكاتەی كە كوردستان نەك كۆمەڵگایەكی مەدەنی، بەڵكو هۆڵێكی چاوەڕوانیی چەند ملیۆنیی بێت، نەتەنها ناكرێ قسەیەك لە باشبوونی ژیانی خەڵكی، بەڵكو ناكرێ تەنانەت قسە لە گێڕانەوەی لانی كەمی ستانداردە نۆرماڵە كۆمەڵایەتییەكانیش بكرێت. لەم نێوەدا ڕەوتی پاشەوپاش گەڕانەوەی فەرهەنگیی شتێكی حەتمییە. خەڵكی كوردستان نەتەنها مافێكیان بۆ دیاریكردنی چارەنووسی خۆیان بەدەست نەهێناوە، بەڵكو تەنانەت ئیمكانی ماددی كاریگەری دانان لەسەر هەلومەرجی دابینكردنی گوزەرانی خۆشیان لەدەست داوە. ئاكامی حەتمیی درێژەكێشانی ئەم وەزعە مەینەتبارە داڕوخانی لەجاران زیاتری كۆمەڵگایە لە هەموو بوارەكانی ئابووریو ڕیفاهیو فەرهەنگیدا. چارەنووسی حقوقیی كوردستانی عێراق دەبێ ڕۆشن بكریتەوە.

ئەوە كارێكی سادەیە كە ئۆباڵی ئەم دژوارییانە بخەیتە ئەستۆی هەردوو حزبە ناسیۆنالیستە كوردەكە. هەڵبەتە ئەمانە ڕاستەوخۆ باعیسو مایەی گەلێك لە دەردەسەرییەكانی خەڵكن. بەڵام ئەگەر تەنانەت نوێنەرانی ڕاستەقینەو ڕاستەوخۆی خەڵكیش لەسەر كاربووایەن، بەبێ یەكلاكردنەوەی چارەنووسی مەسەلەی جێوشوێنی حقوقیو وڵاتیی كوردستانی عێراق ئیمكانی مانۆڕێكی زۆریان لە قەڵەمڕەوەكانی ئابووری، بەرهەم هێنان، ڕیفاهی كۆمەڵایەتی، بەرقەرار كردنی قانوون، دابین كردنی ئەمنییەتی هاووڵاتیانو تاد نەدەبوو.

## ئەم هەلومەرجە هەر وا نامێنێتەوە

ئەم هەلومەرجە هەروا نامێنێتەوە. ئەمە هەمووان دەیزانن. كوردستانی عێراق دەبێ بگەڕێتەوە بۆ قەوارەی كۆمەڵگایەكی مەدەنیی خاوەن هەڵسووكەوتی ئابووریو سیاسیو ڕووبینایەكی حقوقیی پێناسەكراو: یان وەكو بەشێك لە وڵاتی عێراق، یان وەكو وڵاتێكی سەربەخۆ. ئەمە دووڕێیانێكی واقعییەو وەڵامێكی دەستبەجێو واقعی لە حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراقو هەموو خەڵكی دەخوازێت. هەردوو حزبی میللی– عەشیرەتیی كورد خەریكن خەڵكی بەچاوی بەستراوو دەستی بەستراوەوە بەرەو "ڕێگا چارە"ی یەكەم لێئەخوڕن. ئەوە لای هەمووان بەڵگەنەویستە كە درەنگ یان زوو بەچارەسەر بوونی مەسەلەی ئابڵۆقەی عێراق، ڕژێمی بەعس سەرلەنوێ هێرش دەكاتەوە سەر كوردستان. هیچ كەسێك حاشا لەوە ناكات كە حزبە میللییەكان توانا وەیان تەنانەت مەیلی بەرگرتن بەم ئاسۆیەیان نییە. نەخشەی ئەوان بۆ



# ئەبێ قەومیەت مەسەلەیەكی شەخسی بێت

## باسێكی كورت سەبارەت بە فیدراڵیزم

ئەوەندەی ئەگەڕێتەوە بە فیدراڵیزم، با من لەو بارەیەوە شتێك بڵێم. ئێمە ئێستا هەموومان وە بۆ ماوەی بیست ساڵو نیوە هەوڵ ئەدەین (پێم وایە هەموو ئەوانەی كە لەم ژوورە دەنگیەدا هەن، مەگەر كەسێك كە بەڕاستی دواكەوتوو بێت) كە دین لە دەوڵەتو پەروەردەو فێركردنو ژیانی كۆمەڵایەتی جیابكەینەوەو بیكەین بە مەسەلەیەكی شەخسی. بەجۆرێك كە دین مەسەلەیەكی شەخسی بێت. ئێستاو دوای بیست ساڵو نیو، كەسانێك دەرئەكەونو ئەڵێن وەرن با قەومیەت بنێین بە دەوڵەتەوە، بە پەروەردەو فێركردنەوەو بیكەین بە شێوەیەكی ژیان. من ئەڵێم هەروەك چۆن ئەبێ دین مەسەلەیەكی شەخسی بێت، قەومیەتیش هەروا ئەبێت شەخسی بێت. ئەكرێت كەسێك قەومیەتی هەبێت یان نا، هەروەك چۆن كەسێك دینی هەبێتو كەسێكیش نا . كەسەكانیش ئەتوانن قەومیاتی جیاجیایان هەبێت. ئەكرێت هەندێك هەبن لە بەیانیەوە تا ئێوارە بەسەر سەركردەكانیاندا هەڵبدەنو پیرۆزیان بكەن. هەندێكی تریش لە بەیانیەوە هەتا ئێوارە گاڵتە بە بۆماوە قەومیەكانیان بكەن (من لەو بەشەی

سیاسەتی قەومیو میللی بێئابڕو بكەین، هەروەك چۆن بیركردنەوەو سیاسەتی دینیی ئەمڕۆ بێئابڕوو قێزەونە. ئەگەر نەڵێین هەموو خەڵكی زەحمەتكێش، لانی كەم دەبێ بەشە چوستو چالاكو هەڵسووڕاوەكانی چینی كرێكار لەئێراندا وەها هۆشیارانە بێزار بن لە كۆنەپەرستیی میلليو قەوم پەرستیو نەفرەتی لێبكەن، كە شیعاری فیدرالیزمیش جگە لە یەكێك لە شتە ڕتوش كراوە لۆكسەكانی شتێكی تر نییە، وە لەبەرامبەریدا حەساس بن كە هیچ هێزێك نەتوانێ سبەینێ بە دروست كردنی كێشمەكێشو كارەساتی قەومی بەر بە پێشڕەویی كرێكارو كۆمۆنیزمی كرێكاری بگرێتو ڕۆژگارێك بەسەر خەڵكیدا بهێنن كە لە یوگسلافیا بینیمان. تەبلیغاتو ئاكسیۆنەكانی ئێمە دەبێ سەرهەڵدانی توجمانەكانو ئیززەت بگۆویچەكانو كارادیچەكانو ملادیچەكانو میلۆسویچەكانو ژێرینفسكییە نیشتمان پەروەرەكان بكاتە شتێكی مەحاڵ. لە یەك ڕستەدا، هەم دەبێ ئامادەیی زەینیی خەڵك بەرینە سەرەوەو هەم قەوم پەرستو هاوكارەكانی سبەینێیان لەوە حاڵی بكەین كە لەگەڵ هێزێكی كۆمۆنیستی كرێكاریی لەسازش نەهاتووو بەرچاو ڕۆشندا بەرەوڕوون.

**وەرگێرانی : سەعید ئەحمەد**





خەڵكی كوردستان ئەمەیە: درێژەپێدانی دەورەی ئینتقالیی هەتا ئیمكانی هەبێت، پاشانیش، هەركاتێك كە خۆیان پێیان باش بێت، ڕێگەدان بە گەڕانەوەی حوكمڕانیی ڕژێمی عێراق بۆ سەر كوردستان. بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی تێكڕای هەلومەرجەكە، ڕێگاچارەی مەبدەئیی هەوڵدانە بۆ وەدیهێنانی حاڵەتی دووەم، واتە جیابوونەوە لە عێراقو پێكهێنانی وڵاتێكی سەربەخۆ لە كوردستاندا.

هیچ یەكێك لەم دوو حاڵەتە بێدەردی سەریو بێچەرمەسەری نین. لەبارەی ئاكامەكانی حاڵەتی یەكەمەوە هیچ كەسێك لە كوردستانی عێراقدا ناڕۆشنییەكی نییە. بەڕاستی جێگای سەرسوڕمانە كە خەڵكی كوردستان، لەحاڵەتێكدا كە بەواقعی سەرپشك بكرێن، گەڕانەوە بۆ ژێر سایەی حكومەتی بەعسی عێراقیان پێ باشتر بێت لە پێكهێنانی وڵاتێكی سەبەرخۆ. ئەگەر خەڵكی چالاكانەو وەكو ئەلتەرنەتیڤێك بیر لە جیابوونەوەو سەربەخۆیی ناكەنەوە، لەبەرئەوەیە كە بە نامومكین یان بەمایەی گیروگرفتی دادەنێن. بۆ ژمارەیەك لەخودی كۆمۆنیستەكانیش هەندێ ناڕۆشنیی تیۆریی دیایكراو لەمەڕ مەسەلەی جیابوونەوە لەئارادایە. دەبێ بەكورتی ئاماژە بۆ هەندێك لەم بۆچوونانە بكەین.

## "ئەمریكاو غەرب نایانەوێ، توركیاو ئێرانو عێراق نایەڵن"

ئەمانە پاساوە كلاسیكییەكانی "ڕابەرانی میللی" كوردستانی عێراق بووە بۆ خۆلادان لە شیعاری سەربەخۆیی. ئەگەر ڕابەرانی میللی ناچار بن لەپێناوی قازانجو بەرژەوەندییەكانیاندا خۆیان لەچوارچێوەی ئەو سیناریۆیانەدا قەتیس بكەن كە دڵخوازی دەوڵەتو هێزەكانە، ئەوا خەڵكی كوردستان هیچ مەجبوری ئەم كارە نییە. نموونە مێژوویییەكانی ئەو خەڵكانەی كە توانیویانە ئیرادەی خۆیان بەسەر دەسەڵاتە سەركوتگەرەكاندا بسەپێنن كەم نین. بەبڕوای من لەبارەی توانای واقعیی دەخاڵەتی ئێرانو توركیا، بەتایبەت لە هەلومەرجی نێونەتەوەیی ئەمڕۆدا، موبالەغە ئەكرێت. حەتمەن هەوڵو تەقەلای سیاسیو سەربازیی جۆراوجۆر لەلایەن ئەم دەوڵەتانەوە ئەدرێت، كە هەر ئێستاش هەیە، بەڵام هەر لەسەرەتاوە ئەوە ئاشكرا نییە كە خەڵكی كوردستان لەژێر سایەی ڕابەرایەتییەكی مەبدەئیدا توانای جڵەوكردن یان پووچەڵكردنەوەی ئەم جموجۆڵانەی نەبێت. لەئاستێكی موشەخەستردا، هیچ كاتێك وەكو ئەمڕۆ هاوكێشە نێونەتەوەیییەكانو تەقسیماتە جیهانییەكان بەم فراوانییە نەچوونەتە ژێر پرسیارەوەو ئیعادە نەزەریان تیا نەكراوە. ئەگەر لەبنەڕەتەوە بشێ بڕگەیەك هەبێت كە تیایدا دەرفەتێك بڕەخسێت بۆ داسەپاندنی ئیرادەی خەڵكی كوردستان بەسەر ڕۆژئاواو دەوڵەتانی ناوچەكەدا، ئەوا ئەو بڕگەیە ئەمڕۆیە. ئەمڕۆ لە هەموو كاتێك زیاتر دەرفەتی بەڕەسمی ناسینی كوردستان لەلایەن دەوڵەتانی جیاجیاوە، بەرقەرار كردنی پەیوەندی بازرگانیو ئابووریو

دبلۆماسی لەگەڵ بەشێك لە جیهاندا، تەنانەت بەپێچەوانەی مەیلی ڕۆژئاواشەوە، هەیە. ئێرانیش لەسەروبەندی ئاڵوگۆڕێکی گەورەدایە کە جمهوری ئیسلامی لەپێ ئەخاتو بێتوانای ئەکات. دەستی تورکیا بۆ کاری سەربازیی زۆر ئاوەڵا نیيەو دەوڵەتی عێراقیش لەئاستی نێونەتەوەییدا هەروا تەریك ماوەتەوە. درێژەکێشانی ئەم وەزعەی ئێستاو پاشانیش وێڵکردنی خەڵکی ناڕێکخراوو هەژارو جەنگ زەدەی کوردستان لەبەردەم سوپای عێراقدا، واتە ئەم سیناریۆیەی ئێستا، ئاسۆیەکی زۆر تراژیدییانەتر نیشان دەدات وەك لە دەوڵەتێك کە لە کوردستانی عێراقدا سەربەخۆیی ڕاگەیاندووەو بە دەنگی خەڵك پشت ئەستوورەو دەستبەکاری بنیاتنانەوەی ئابووریو کۆمەڵگایەو لە ئاستی نێونەتەوەییشدا بەشوێن بەدەستهێنانی ئیعترافو ڕاکێشانی ئیعتباراتی ئابووریو ئاڵوگۆڕی بازرگانیو بەدەستهێنانی زەمانەتی نێونەتەییەوەیە لەدژی هێرشی وڵاتە دراوسێکان.

## "ئایا کوردستانی سەربەخۆ ناکەوێتە دەستی حزبە ناسیۆنالیستەکان؟"

ئەمە نیگەرانییەکی واقعیی چەپە. ئایا سەبەخۆیی کوردستان لە هەلومەرجی ئێستادا بەمانای قبووڵ کردنی حوکمڕانیی تاڵەبانییەکانو بارزانییەکان نییە؟ بەبڕوای من بەپێچەوانەوەیە. کەشو هەوای ئەمڕۆ، کەشو هەوای ژیانو نەشونمای ئەوانە. ڕەوتە میللی– عەشیرەتییەکانی کوردو سەرکوتی ڕژێمی بەعس دوو دیوی یەك پارەن. مادام کە مەسەلەی میللی وجودی هەیەو مادام ڕژێمێکی سەرکوتگەر خەڵکی کوردستان بەهۆی ئینتمای میللییانەوە دەکوتێتەوە، ئەم ڕەوتانە هەروا بەپاڵەوانی سەر ساحەی کوردستان دەمێننەوە. ئەمانە زۆر لە کۆمەڵگای کوردستانو، ترکیبی چینایەتیو، پەیوەندی ئابووریو ئاستی فەرهەنگییەکەی لەدواترن. کوردستانی عێراق کۆمەڵگایەکی لەوە شاریتر، سەنعەتیتر، وە لەڕووی فەرهەنگییەوە لەوە پێشکەتووترە کە ئەم هێزانە لە هەلومەرجێکی نۆرماڵدا جێگاو شوێنێکیان هەبێت لە ساحەی سیاسی ئەودا. تەنها وجودی کۆنەپەرستییەکی هارو "بێگانە" خەڵکی ناچار کردووە مەیدانداریی ئەمانە قبووڵ بکات. ئەمانە ئاکامی زاڵ بوونی خەباتی پێشمەرگانەن بەسەر ژیانو میتابۆلیزمی سیاسی لە کوردستانی عێراقدا. بەهەر ڕادەیەك کە ئەم شێوەیە مەوزوعییەتی خۆی لەدەست بداتو شارەکان ببنە مەڵبەندی سیاسی ئەسڵیی، ئەمانە تەریك دەکەونەوەو نامۆ ئەبن. هێزهاوسەنگی چینایەتی لەخودی کۆمەڵگای کوردستانی عێراقدا زۆر لەدژی ئەوانە. نەتەنها چینی کرێکارو کۆمۆنیزمی کرێکاری ئەلتەرنەتیڤێکی واقعیو بەهێزە لە کۆمەڵگادا، بەڵکو تەنانەت بەشێکی فراوان لە خودی چینی ناوەنجیی کوردستانو ڕۆشنبیرانو توێژە خوێندەوارو خاوەن بڕوانامەکانیش سەرەنجام خوازیاری چوارچێوەیەکی سیاسی مۆدێرنترو شاریترن بۆ بەیان کردنی ئارەزووەکانیان. ئەم حزبە کۆنانە لە کوردستانێکی سەربەخۆدا بەخێرایی دەکەونە پەراوێزەوە. بەپێچەوانەی ئەم بۆچوونەوە،





کە لەخودی شیعارو لێکدانەوە میللییەکانو لەوانە شیعاری فیدراڵیزمدا خۆی حەشار داوە. لەمەدا لەبنەڕەتدا ناکرێ موبالەغە بکرێتو هەرچییەك بووترێت هێشتا کەمە.

***ئەنتەرناسیۆنال: ئایا دەکرێ بڵێین ئەم شیعارە خەسڵەت نمای ئەو حزبو ڕەوتانەیە کە تەرحیان کردووە، وەدەبێ لەم چوارچێوەیەدا داوەرییان لەسەر بکرێ؟ ئایا بەم بەیاننامەیە شێوەی هەڵوێستو پەیوەندی حزب لەگەڵ ئەو ڕەوتانەی کە لایەنگری فیدرالیزمن گۆڕانی بەسەردا دێت؟***

**منصور حکمت:** بەبڕوای من لەئاستی تیۆریدا دەکرێ لەسەربناغەی ئەم شیعارە داوەری لەسەر حزبەکان بکرێت. هەروەکو چۆن دینی بوون، شۆڤینیستی میللی بوون، سەڵتەنەت خواز بوون وەیان دژایەتی کردنی یەکسانی ژنو پیاو، لەجەرگەی مێژووی سیاسی هاوچەرخی ئێراندا بۆ بە کۆنەپەرست ناوبردنی ڕەوتێك کافییە، بڕوابوونیش بە دەرکردنی ناسنامەی قەومی بۆ خەڵكو دروست کردنی دەوڵەت لەسەر بناغەی ئینتمای میللیو قەومیش بۆ بە کۆنەپەرست لە قەڵەم دانی ڕەوتێك کافییە. ئەگەر پرسیارێك هەیە ئەوەیە کە ئایا بۆگەنیی شیعاری فیدراڵیزمو مانا دژی کۆمەڵایەتیو دژی ئینسانیو دژی کرێکارییەکانی بەقووڵیو لەئاستێکی فراواندا ناسراوە یان نا. ڕەنگە هێشتا ناسراو نەبێ. ئەمە ئەوە دەخوازێ کە لەسەرەتاوە بۆ دەورەیەك هەوڵ بدەین ئەم فۆرمۆڵە لە بەرنامەو تەبلیغاتی ئەحزابی ئۆپۆزسیۆندا نەمێنێ. هەڵبەتە ئاشکرایە کە هەر لەئێستاوە هەر ڕەوتێك کە هۆشیارانەو سەرسەختانە داکۆکی لە فیدراڵیزمو ڕێکخستنی قەومیی کۆمەڵگا بکات دەبێ بە ڕەوتێکی کۆنەپەرست بژمێردرێت.

***ئەنتەرناسیۆنال: ئەم بەیاننامەیە چ هەڵسوڕانێك دەخاتە بەردەم هەڵسوڕاوانی حزب؟ هەڵسوڕاوانی حزب دەبێ لەبەرامبەر ئەو ڕەوتانەی کە شیعاری فیدراڵیزمیان تەرح کردووە چی بکەن؟***

**منصور حکمت:** ئەوە ڕوونە کە لێرەدا ناکرێو پێویستیش نییە کە لیستێك هەنگاو هەڵگرتن ڕیز بکەین. مەسەلە سەرەکییەکە ئەوەیە کە ئێمە ناوەڕۆکی ئەم شیعارە، بە تەواوی وجودییەوە لێبڕاوانە بۆ خەڵکی ڕۆشن بکەینەوە. ئەو حزبانەی کە ئەم شیعارە تەرح دەکەن لە هەرکوێ بنو بۆکوێ بچن دەبێ هەست بە فشاری ڕەخنەی ئێمە بکەن لەسەر خۆیان. دەبێ بیرکردنەوەو

میللیو جمهوریخوازو ئاریامیهرییەکان گەورە ترە. ئەمانە خۆیان بازیچەن. ئێمە دەبێ گشت یارییەکە بکەینە شتێکی نەکردە.

ئەوەش بڵێم کە تا ئەو جێگایەی پەیوەندی بە مەسەلەی کوردەوە هەیە ئەوە خودی خەڵکی کوردستانن کە دەبێ لە ڕیفراندۆمێکی ئازاددا دەربارەی جیابوونەوە یان مانەوە لەچوارچێوەی ئێراندا وەکو هاووڵاتیانی خاوەن مافی یەکسان بڕیار بدەن. ئەوە تەنها ئەم بڕیارەیە، جا هەرچییەك بێت، مەبدەئییەتو شەرعییەتی هەیە. مەسەلەی کورد مەسەلەیەك نییە لەسەر شەریکە بەش بوونی حزبی دیموکراتو باقی حزبە خودموختاری خوازەکان لە بونیادی دەسەڵاتو سپاردنی "حوکمڕانیی کوردستان"، لەسەرووی خەڵکەوە، بەوان. بەندوبەستو گفتوگۆو ساتوسەودای حزبەکان لەسەر کوردستان هیچ مەشروعییەتێکی نییە.

***ئەنتەرناسیۆناڵ: هەندێك لە ڕێکخراوە چەپەکان وتوویانە کە حزبی ئێمە لەو مەترسییانەی کە لە وتاری "سیناریۆی ڕەشو سپی"دا باس کراوە موبالەغەی کردووە. پێت وانییە هەڵوێستێکی هەرلەم جۆرە بەرامبەر بەم بەیاننامەیەش بنوێنرێت؟***

**منصور حکمت:** بەینی خۆمان بێت، لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزمدا بۆ تاك تاکی ئەندامانو هەڵسوڕاوانو ڕابەرانی خانەوادەی چەپی دژی سەڵتەنەتیو تەقلیدیی ئێران وەکو ئینسان گەلێك کە سەرەنجام بە هەر زمانێك بێت خێری خەڵکی زەحمەتکێشیان دەوێت، دەبێ بڵێم وەکو حزبو ڕێکخراوی سیاسی نە ئەوان بە سۆسیالیست دەزانمو نە هیچ باوەڕێکم بە توانای تەشخیسی ئەوانو توانای ئەوان هەیە لە گێڕانی دەورێکی کارساز لەجیهانی پاش جەنگی ساردا. ئەمانە تەیفێکی بەسەرچوو و بێئاسۆن. هەڵوێستی ئەم تەیفە لەبەرامبەر ئەم بەیاننامەیەدا فاکتەرێکی گرنگ نییە. ڕەنگە لەمە گرنگتر، هەڵوێستی بەیاننامەکە بێت بەرامبەر بەوان.

بەڵام بەیاننامەکە لەبنەڕەتدا ڕووی دەمی لەوان نییە. ڕووی لە خەڵکو بەتایبەت چینی کرێکارە، کە بەمانای کۆمەڵایەتیو سیاسیو مێژوویی سەرنج بدەنە ئەم ووشەو شیعارانەو نەکەونە داوی میللی چێتیو قەوم پەرستییەوە، وە بۆ وەستانەوە بەڕوویدا ئامادەبن. بەپێچەوانەی باسی سیناریۆی ڕەشو سپییەوە، ئێمە لێرەدا تەئکیدمان لەسەر ئەوە کردووە کە ئەگەری داسەپاندنی شیعاری فیدراڵیزم بەسەر کۆمەڵگای ئەمڕۆی ئێراندا زۆر لاوازە. بەم پێیە باسەکە لەسەر موبالەغە لەمەڕ ڕەوتی هەلومەرجی بابەتی نییە. باسەکە لەسەر ئەو بۆگەنییەیە





زیانێکی گەورەی درێژەکێشانی هەلومەرجی ئێستا وەیان گەڕانەوە بۆ چوارچێوەی عێراق ئەوەیە کە دەسەڵاتی ئەم حزبە میللی– عەشیرەتییانە بەسەر ژیانی سیاسی خەڵکی کوردستانی عێراقەوە بەردەوامو سەقامگیر ئەکات.

## ئایا خواستی سەربەخۆیی، خواستێکی ناسیۆنالیستی نی یە؟

لەم حاڵەتە دیاری کراوەداو لەزمانی چینی کرێکارو کۆمۆنیزمەوە، وەڵام نەخێرە. ئێمە لەبەرخاتری سەبەخۆیی خوازیاری سەربەخۆیی نین. ئێمە یەکلاکردنەوەی دەستبەجێی چارەنووسی حقوقیی کوردستانی عێراقمان دەوێتو لەنێوان دوو ئەلتەرنەتیڤی مانەوە لەگەڵ عێراقو جیابوونەوە لەعێراق پێمان وایە ئەمەی دووەم لەبەرژەوەندیی خەبات بۆ بەختەوەرییو خۆشگوزەرانیی خەڵکو ئازادیو سۆسیالیزمدایە. شیعاری ئێمە پێکهێنانی "دەوڵەتێکی کوردی" نییە. شیعاری ئێمە ئەوە نییە کە "کوردەکان" دەبێ دەوڵەتی "خۆیان" هەبێت. ئێمە خوازیاری پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆین لە کوردستانی عێراقدا. دەوڵەتێکی غەیرە قەومیی کە خەڵکی کوردستان بتوانن تیایدا دوور لە هەر ستەمێکی میللی بژین. ئێمە پێمان وایە لەبارەی چارەنووسی کوردستانەوە دەبێ دەنگی هەموو دانیشتووانەکەی سەربەخۆ لە ئینتمای قەومییان وەربگیرێت. ئێمە لە هەوڵدانماندا بۆ ڕاکێشانی خەڵکی بەلای ئەم شیعارەدا پەنا بۆ ناسنامەو خۆشباوەڕیو دەرمارگیریی قەومیو میللییان نابەین. ئێمە لای خەڵکی قسە لە ئازادی، یەکسانی، خۆشگوزەرانیو ئینسانیەت دەکەینو لەدەوری ئەم ئاڵایە کۆیان دەکەینەوە. بەڵام هەموو ئەم باسانە بەمانای ئەوەیە کە ئێمە بەهێنانە گۆڕی ئەم شیعارە ئەچینە ناو قەڵەمڕەوێکی حەساسەوەو دەبێ بەووردی ئاگاداری سنووربەندیی خۆمان بین لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کورددا. بەهەرحاڵ شێوازی دروست ئەوەیە کە پێ بنێینە ئەم مەیدانەوە، مەیدانی ڕێنیشاندانی واقعی بۆ دەرباز بوون لە گرفتەکانی کۆمەڵگا، وە بەهۆشیارییەوە لەگەڵ مەترسییەکانیدا بەرەوڕوو بینەوە، نەك ئەوەی کە لەترسی تووش بوون، لێگەڕێین کۆمەڵگاو چارەنووسەکەی هەروا بە دەست هێزە دواکەوتوو بیروباوەڕە کۆنەپەرستەکانەوە بێت.

## "یەکێتی چینی کرێکاری عێراق چی بەسەردێ؟"

بەدەستەوە گرتنی ئەم سیاسەتە نابێتە مایەی هیچ جیابوونەوەو ئینشقاقێك لەهیچ ڕێکخراوو کەمپینێکی کرێکارییدا کە بەکردەوە لەسەرتاسەری عێراقدا هەیە. چونکە ئەمڕۆ ئەم یەکێتییە زیاتر لەوەی کە واقعییەتێکی هەنووکەیی بێت، ئامانجێکی سیاسی حزبی خۆمانە. بەبڕوای من سیاسەتێك کە مەوقعییەتی گشتیی بزووتنەوەی کرێکاری بەکردەوە باش بکات،

خزمەتێکی زیاتریش بەم ئامانجە دەکات. بەبڕوای من ئەم سیاسەتە بەتەواوی ئێمە بەهێزتر دەکات وە بێگومان توانای ئێمە بۆ یەکگرتوو کردنی هەردوو بەشی کوردیو عەرەبی عێراقیش زیاتر دەکات.

## چوارچێوەی عملی

لەڕووی عملی‌یەوە بەدەستەوە گرتنی ئەم سیاسەتە بەمانای وەرێخستنی بزووتنەوەیەکی سەربەخۆیی‌خوازانە نی‌یە. ئەم شیعارە دەبێ گۆشەیەك بێت لە ئەلتەرنەتیڤی عملی‌ی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریو بزووتنەوەی شورایی لە کوردستانی عێراقدا کە لەوەلاّم بە هەلومەرجی سەرگەردانو نابەسامانی ئەمڕۆ ئەخرێتە ڕوو. چوارچێوەی عملی‌ی تەرح کردنی ئەم شیعارە لەڕوانگەی ئێمەوە ئەوەیە، یەکەم، ڕیفراندۆمو گەڕانەوە بۆ ڕای خودی خەڵکی. ئەم ڕیفراندۆمە دەبێو واباشترە کە بەڕەزامەندی‌ی "دەزگا ڕەسمی‌یە نێونەتەوەیی‌یەکان" ئەنجام بدرێت بۆئەوەی تەنفیزکردنی ئەنجامەکەی زەمانەتێکی زۆرتری هەبێت. بەلاّم تەنانەت ئەگەر ئەمەش عملی نەبێتەوە، ئێمە دەبێ هەر خوازیاری بەرپاکردنی ڕیفراندۆمێکی ئازاد بین لەسەر دیاریکردنی چارەنووسی کوردستان. لەڕوانگەی ئێمەوە ڕای خەڵکی هەرچی‌یەك بێت ئەوە لەبەرچاو ئەگیرێ. لە وەها ڕیفراندۆمێکدا ئێمە دەبێ پێکهێنانی ولاّتێکی سەربەخۆ پێشنیاز بکەین. دەبێ لێرەدا تەئکید لەسەر ئەوەش بکەین کە هەر بەندو بەستو پەیماننامەو ڕێککەوتننامەیەك لەلایەن هەر هێزێکەوە کە مۆری ڕای ئازادو ڕاستەوخۆی خەڵکی پێوە نەبێت لە ڕوانگەی ئێمەوە شەرعیيەتی نی‌یە. دووەم، ئەم خواستە دەبێ وەکو ڕێگاچارەیەکی عملی‌و ئەلتەرنەتیڤێکی قابیلی تحملتر بۆ خەڵکی ڕوون بکرێتەوە. پرسیار ئەوەیە کە کوردستان بەرەوکوێ ئەڕوات. بەدرێژەکێشانی ئەم وەزعەی ئێستاو سیاسەتێك کە حزبە میللی-عەشیرەتی‌یەکانی کورد گرتوویانەتە بەر، تراژیدیایەکی تری ئینسانی چاوەڕوانی خەڵك دەکات. ئێمە دەبێ مەشخەڵ بەدەستی دوورخستنەوەی خەڵکی بین لەم چارەنووسە. ئەم شیعارە بۆ گێڕانی ئەم ڕۆڵە کۆمەکمان پێ‌دەکات. سێیەم، خواستی سەربەخۆیی مەسەلەیەکی تەمومژاویی لە زەینی زۆرێك لە خەڵکی‌دا ڕۆشن دەکاتەوە. هەر بۆیە بەدەرلەوەی کە عملی‌ئەبێتەوە یان نا، خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش بە ئیمکانی دەخالەت لە چارەنووسی خۆیان گەشبین دەکاتو دەیانهێنێتە مەیدان. ئەم شیعارە بێ‌ئاسۆیی ڕەوتە ناسیۆنالیستی‌یەکانو ناشایستەیی‌یان لە ڕابەرایەتی کردنی کۆمەڵگای کوردستانو نوێنەرایەتی کردنی خەڵکی کوردستان لەئاستی نێونەتەوەیی‌دا دەخاتە ڕوو. لە یەك قسەدا خواستی سەربەخۆیی چەقی قورساییو قیبلەنوماّی هەڵسووڕانی ئێمە نی‌یە لە کوردستان، بەڵکو بەشێکی گرنگو زەروریی ڕێبازی تاکتیکی‌ی ئێمەیە لە کوردستانی ئەمڕۆداو دەبێ هەر بەم جۆرەو لەم چوارچێوەیەشدا تەبلیغی بۆ بکرێ.

* * *





تورکمان خۆیان پێناسە ناکەن، ئەوا چاکتر. لەوبەری ئەم ساتو سەودا کۆنەپەرستانەیەوە، ڕەوتە ناسیۆنالیستی‌یە ئێرانی‌یەکان ڕاوەستاون کە خۆیان لەگەڵ مەسەلەی کورددا بەرەوڕوو دەبینن‌و ئەمە بە یەکێك لە گرێ سەرەکی‌یەکانی مەحکەم کردنی حکومەتی داهاتووی خۆیان دەزانن. ئەمانە لە شیعاری فیدرالیزمدا دەروازەیەك دەبیننەوە بۆ شاردنەوەی مەسەلەی کوردو خۆلادان لە گەڕانەوە بۆ ڕای خودی خەڵكو ساتوسەوداکردن لەگەڵ حزبی دیموکراتدا. سەرچاوەی باسی فیدراڵیزم دەگەڕێتەوە بۆ لێکدانەوە هەلپەرستانەو پڕلەهەواکانی چەند حزبێکی‌سیاسی دەربارەی مەسەلەی کورد، ئەمە خۆی لەخۆیدا نە ئەوەندە جێگەی نیگەرانی‌یەو نە وەلاّمدانەوەش پێ‌ی لە کەناڵی تەبلیغاتی ڕۆژانەی کۆمۆنیستی‌و دژی ناسیۆنالیستی‌یەوە کارێکی دژوارە. بەلاّم لە هاوشانی دوو لایەنە سەرەکی‌یەکەی ئەم باسەدا، کە هەریەکەیان بەشوێن بەرژەوەندی‌یە ماددی‌یەکانی خۆیانەوەن، وەك هەمیشە ڕیزێکی تەواو لە کەسانێك پەیدا دەکەین کە پێیان وایە بەپێ‌ی کاری شەریفی ڕۆشنبیری‌و ڕۆژنامەگەری، یان بەپێ‌ی پێداویستی‌یەکانی گروپداری خۆیان، دەبێ حەتمەن بێ‌قووڵ بوونەوەو بەپێ‌ی مۆدی ئەو ڕۆژە شتێك بڵێن‌و خۆیان شیرین بکەن، وە ئەمانە بەشایەتی چارەنووسی تاڵی خەڵکی یوگسلافیاو سۆڤێت، لە هەلومەرجێکی وادا ترسناکترین عونسرەکانن. بەڕاستی ناچێتە عەقڵەوە کە کەسێك لە پەنجەرەی ماڵەکەیەوە تەماشای یاری منالەکەیو منالی دراوسێ‌کانی بکات، دواتر ئاهێك هەڵکێشێتو قەڵەمەکەی بگرێتە دەستو جاهیلانە خەڵکی ولاّتێکی 60 ملیۆنی بەسەر 9 میللەتو 13 قەومیەتو 5 تاقمی زمانی‌یو قسەی لەم بابەتەدا دابەش بکاتو نەخشەی ئەوە دابڕێژێ کە ئەمانە دەبێ شارو گەڕەکەکان بەپێ‌ی خشتەکەی ئەو لەنێوان خۆیاندا دابەش بکەن‌و لەبەرامبەر یەکتردا بووەستنەوە. ئەگەر ئەم جۆرە ئەفکارە گەوجانە ئەنجامی ئاوا خوێناوی لێ نەکەوتایەتەوە، ڕەنگە تەنانەت ببوایەتە مایەی گاڵتەجاڕیی گوێگرانیشی. بەلاّم مەبەستیان بێت یان نەبێت، ڕێگا خۆشکەری پاکسازی‌یە قەومی‌ی ئیعدامە بەکۆمەڵەکانی سبەینێن. ئەمانە خەریکی پیلانگێڕانن لەدژی ژیانو گیانی ئەو منالانەی دەرەوەی پەنجەرەکە، بۆیە حەساسیەتی مەسەلەکە لێرەدایە.

ئەمە دنیای 30 ساڵ بەر لەئێستا نی‌یە. شۆڕشی ئەلکترۆنی‌و ئینفۆرماتیكو سەرهەڵدانی میدیا سمعی‌و بصری‌یە جیهانی‌یەکان، ژۆرنالیزمی نۆکەرو موهەندیسی‌کردنی ئەفکاری کردووەتە فاکتەرێکی چارەنووس ساز لە هاوکێشەکانی دەسەلاّتو ڕەوتی ئەوزاعی سیاسی لە ولاّتە جیاجیاکاندا. تەنانەت گەوجانەترین‌و بەعەقڵانەهاتووترین ئامانجی سیاسی‌و نەخشەی کۆمەڵایەتی، ئەگەر لەچوارچێوەیەکی فراوانتری چینایەتی‌و جیهانی‌دا بەکەڵکی بەشە جیاجیاکانی چینی دەسەلاّتدار بێت، یەکسەر پەڕو باڵی بۆ دروست ئەکرێتو دەئاخێنرێتە مێشکی خەڵکەوە. مەسەلەکە لە وورده لێکدانەوەکانی حزبی دیموکراتو پاشماوەی حزبە

هەروەکو باسم کرد ئامانجی ئەم نووسینە خستنەڕووی علنی باسەکە بوو. هێشتا دەکرێ لایەنی جیاجیای ئەم باسە تەرح بکرێت، کە من بۆ چەق بەستن لەسەر باسە سەرەکی‌یەکەی لێرەدا نایانهێنمەوەو چاوپۆشی‌یان لێ‌ئەکەم. شایانی باسە کە ناوەڕۆکی ئەم نووسینەو هەندێ مەوزوعی تری لەم بارەیەوە، لە پلنیۆمی سێیەمی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری‌ی ئێران، بەئامادەبوونی چەند کەسێك لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری‌ی عێراق هێنرایە گۆڕو دواتریش پوختەی ئەم باسانە خرایە بەردەستی ناوەندی‌و کادرەکانی حزبی عێراق. بەبڕوای من جێگای خۆیەتی کە هەموو خاڵەکانی پەیوەست بەم باسە بەووردی‌و بەدوورو درێژی لە بزووتنەوەی ئێمەدا لە عێراق بخرێتە بەرباس. دەرفەتێکی زۆرمان بۆ یەکلاکردنەوەی باسەکە بەدەستەوە نی‌یە، بەڵام لەبەر گرنگی‌و تازەیی مەوزوعەکە دەبێ دەرگا بەڕووی ووردکرنەوەی مەسەلەکان‌و بیستنی بۆچوونە جیاجیاکاندا کراوە بێت. من خۆم نەك وەکو ئەحکامێکی دۆگمو بێ‌مرونەت بەڵکو وەکو خستنەڕوویەکی سەرەتایی ڕێبازێکی تاکتیکی‌ی گرنگ لە عێراقدا دەڕوانمە ئەم تێزانە کە دەبێ لەدرێژەی قسەوباسەکاندا ووردو قووڵ بکرێتەوە.

**وەرگێرانی : سەعید ئەحمەد**





کێشمەکێشە میللی‌و قەومی‌یەکان لەنێوان بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵگادا دیاردەیەکی لەمێژینەو باوو هەمەگیر نی‌یە لە وڵاتدا. ئاشکرایە کە لەفۆلکلۆری دواکەوتووی قەومەکاندا (هەر قەومێك)، خۆپەسەندی‌ی قەومی‌و شۆڤینیزمو سڵ کردنەوە لە بێگانەو□ تاد هەیە. لە هەموو وڵاتاندا، تەنانەت لەنێو یەکپارچەترین "میللەتان"یشدا ئەمە هەیە، وە ئاشکرایە کە تا وەختێك سەرمایەو سەرمایەداری هەبێت ئەم جۆرە تەفرەقە خستنە نێوان خەڵکی‌یەش هەر دەمێنێتەوە. ئێرانیش لەمە بەدەر نی‌یە. بەڵام هەر چاودێرێك کە مەبەستێکی ترو نەخشەکارێکی شاراوەی تری نەبێت، دان بەوەدا دەنێت کە کۆمەڵگای ئێران کۆمەڵگایەك نی‌یە کە وەها لەنێو چنگاڵی کێشمەکێش‌و تەحەممول نەکردنی قەومی‌و میللی‌دا گیرۆدە بووبێت کە چاوەڕێی ئەوە بێت حەکیمێك بە نوشداوەری‌ی فیدرالیزمەوە فریای بکەوێت.

کاتێك وورد دەبیتەوە دەبینی کە پەیدا بوونی سەرو کەللەی ئەم مەقولەیە لەم دەورەیەی دواییدا پەیوەستە بە مەسەلەی کوردو سات‌و سەوداو گفتوگۆکانی حزبی دیموکراتەوە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی میللی‌دا کە بەقسەی دیموکراتەکان بڕیارە لە سبەینێ‌دا دەوڵەتی مەرکەزی لە ئێران بەدەستەوە بگرن. هەموو مەسەلەی حزبی دیموکرات ئەوەیە کە ناوو ناتۆرەی جیاخوازی نەخەنە پاڵی، بەتایبەت کە دڕندەیی ناسیۆنالیستە مەزن‌خوازە ئێرانی‌یەکان‌و ئەو تاوانانە دەناسێ کە ئامادەن لەژێر ئاڵای بەرگری کردن لە "یەکپارچەیی خاك"دا وەڕێی بخەن. بێگومان خودی حزبی دیموکرات لە ڕیزی پێشەوەی "ئێرانچێتی"و بەرگری کردن لە "یەکپارچەیی خاك"دا ڕاوەستاوە. وەختێك عفت داداش‌پور لە بڵاوکراوەی "نیمروز"دا ڕای سکرتێری گشتی‌ی حزبی دیموکرات، مەلا عبداللە حسن‌زادە، ئەپرسێت لەسەر هەڵوێستی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری‌ی ئێران (بەڕەسمییەت ناسینی مافی جیابوونەوەی کوردستان، گەڕانەوە بۆ ڕای خودی خەڵکی لە ڕیفراندۆمێکدا لەسەر جیابوونەوە یان مانەوە وەکو هاووڵاتیانی خاوەن مافی یەکسان لەچوارچێوەی ئێراندا)، جەنابی حەسەن‌زادە هەڵئەچێ‌و دەڵێ: "نەخێر ئێمە جودایی خواز نین" وە بۆ ئاسودەکردنی خەیاڵی دەوڵەتی مەرکەزی ئایندە سنووربەندی‌یەکی ئاگردار لەگەڵ ئێمەدا دەکات. حزبی دیموکرات ئۆتۆنۆمی دەوێت‌و بەو ئەنجامە گەیشتووە کە بە گشتگیرکردنی خواستەکەی خۆی بەسەر هەموو وڵاتدا، بە بەدەستەوە دانی فۆرمۆڵێك کە تیایدا ناسیۆنالیزمی کورد لەبەرامبەر دەوڵەتێکی ناسیۆنالیستی مەرکەزی‌دا بەتاك نەکەوێتەوە، باشتر بەم ئامانجە دەگات. فۆرمۆڵی فیدرالیزم ئەو کۆمەکە بەحزبی دیموکرات دەکات کە ئۆتۆنۆمی بوێت بێ‌ئەوەی کە کوردستان وەکو حاڵەتێکی استثنائی سەیر بکرێت. فیدرالیزم واتە ئۆتۆنۆمی بدەن "بە هەموو ئەو میللەتانەی کە ئێران پێکدەهێنن"، لەوانەش میللەتی کورد بەڕابەرایەتی حزبی دیموکرات. جا ئەگەر باقی خەڵکی ئێران، وە لەناویاندا بەشێکی فراوان لە خودی کوردستان ئیلزامەن بە ناوو ناتۆرەی قەومی‌ی وەك فارس‌و لوڕو گلیك‌و ئەفغانی‌و کوردو عەرەب‌و بلوچ‌و

## گفتوگۆ لەگەڵ منصور حکمت سەبارەت بە شیعاری فیدراڵیزم

# فیدراڵیزم شیعارێکی کۆنەپەرستانەیە

***ئەنتەرناسیۆنال: لە بەیاننامەکەدا هاتووە کە هێنانە مەیدانی شیعاری فیدراڵیزم لەلایەن هەندێك لە حزبەکانەوە هەرگیز ڕەنگدانەوەی بوونی وەها خواستێك نی‌یە لەنێو خەڵکدا. کەوایە دەرکردنی ئەم بەیاننامەیە چ زەرورەتێکی هەبوو؟***

**منصور حکمت:** نەتەنها شیعاری فیدراڵیزم جێگایەکی نی‌یە لە زەین‌و ژیانی خەڵکدا، بەڵکو ناسنامەی قەومی‌و قەوم چێتی‌ش بەشێوەیەکی گشتی، لەنێو ملیۆنەها خەڵکی دانیشتووی ئێراندا هیچ جێگایەکی لە ئیعرابدا نی‌یە. بەڵام بەداخەوە ئەمە کافی نی‌یە بۆ پاراستنی خەڵکی لەو کارەسات‌و مەئساتانەی کە قەومپەرستی‌و قەوم پەرستان دەتوانن بیهێننە ئاراوە. سەیری دنیای دەوروبەری خۆتان بکەن‌و چاوێك بە ڕووداوەکانی ئەم دوو سێ دەیەیەی دواییدا بگێڕن. حکومەتی شەرع‌و دەوڵەتی ئاخوندی‌ی چ زەمینەیەکی لە ئێرانی سەدەی بیستەمدا هەبوو؟ دیارە هیچ. ئەم خەڵکە هەر ئەوانە بوون کە هەشتا ساڵ بەرلەئێستا ڕۆژێکیان بەسەر مەشروعە چی‌یەکاندا هێنا کە دەیزانین. ئاخوند توێژێکی مشەخۆری بێ‌ئابڕوو جێگای گاڵتەجاڕی‌ی خەڵك بوو لە شارو لە دێدا. کچانی دوو نەوە بەرلە ئێمە بێ سەرپۆش ئەچوونە قوتابخانە. مۆسیقاو





سینەما بەشێکی جیانەکراوەی ژیانی خەڵکی بوون. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، ئەمڕۆ لەم کۆمەڵگایەدا جنونی‌ئیلاهی‌و جەهالەتی دینی‌ی‌و جانەوەرانی ئیسلامی‌ی حوکم دەکەن. یوگسلافیا، کۆمەڵگایەکی مۆدێرنی سەنعەتی‌و بەهەموو ستاندارەکانی ئەمڕۆ کۆمەڵگایەکی شارستانی بوو. یوگسلافەکان باسی ئەوە ئەکەن کە چۆن بەر لەم ڕووداوانە ئینتمای قەومی‌و میللی خۆیان هەر لەبیر نەبوو. نەیان ئەتوانی تەسەوری ئەم وەزعە بکەن. هەتا ئیستاش باوەڕ ناکەن‌و نازانن بۆچی ئەمە ڕووی دا.

ئەوەی کە قەومیەت‌و قەوم پەرستی لەکۆمەڵگای ئێراندا ڕیشەو زەمینەیەکی بەهێزی نی‌یەو ئەوەی کە خواستی فیدراڵیزم جێگایەکی لەنێو خەڵکی‌دا نی‌یە، بەو مانایەیە کە ڕەوەندو ڕەوت‌و بزووتنەوە سەرەکی‌یەکان لە کۆمەڵگادا بەم ئاراستەیەدا ناڕۆن. بەڵام پرسیار ئەوەیە کە کۆمەڵگا چەندە لەبەرامبەر جموجوڵە قەوم پەرستانەکان‌دا پارێزراوەو لەپێشدا چەندە ئامادەیی بەرگری لەخۆکردنی هەیە لەبەرامبەر هێرشی داهاتووی ئەم پاشەوپاشگەڕانەوەیەو کۆنەپەرستی‌یە قەومی‌یەدا. هەروەك نادری بەکتاش دەڵێت ناسیۆنالیزم‌و قەوم پەرستی وەکو ئەو ڤایرۆسانە وان کە لەحاڵەتی مت‌بووندا درێژە بەژیانی خۆیان دەدەن‌و لەهەلومەرجێکی تایبەتدا چالاك دەبنەوەو تەنانەت هەندێ جار دەبنە مایەی پەتایەك. ناسیۆنالیزم‌و قەوم پەرستی لەکۆمەڵگای ئەمڕۆی ئێراندا نەخۆشی‌یەکی سیاسی– فەرهەنگی‌ی باو نی‌یە. بەڵام نە ڕیشەکێش کراوەو نە کۆمەڵگا لەدژی ئەمە تەلقیح کراوە. بوونی هەر ئەم فیدراڵیست‌و دەستە دواکەوتووانەی کە هەر ئێستاو لەوپەڕی بێ‌شەرمی‌و گەوجێتی‌دا دەستیان کردووە بە دەرکردنی ناسنامە قەومی‌یەکان بۆ خەڵکی ئێران، شایەتی ئەوەیە کە ئەم ڤایرۆسە ڕیشەکێش نەکراوە وە دەتوانێ، بەتایبەت لە هەلومەرجێکی پڕ لەئاڵۆگۆڕو گۆڕانکاریی سیاسی‌دا، ببێتە مایەی گەلێك موسیبەت. دەرکردنی ئەم بەیاننامەیە بۆ دروستکردنی ئامادەیی‌و بەرگری‌یە لەکۆمەڵگادا. هەروەها دەرکردنی ئەم بەیاننامەیە ڕاگەیاندنی ڕاست‌و ڕەوانی ئەو واقعییەتەیە بەناسیۆنالیست‌و قەوم پەرستان‌و میللەتگەراو ڕۆشنبیرە گەوجەکانی دەوروبەریان کە کۆمۆنیزمی کرێکاری لێبڕاوانە لەبەرامبەر ئەم پاشەوپاش گەڕانەوەیەدا ڕادەوەستی‌و ئەم جەماعەتانەو ئەم ئارەزووە دژی ئینسانی‌و دژی کرێکاری‌یانە لەنێو خەڵکی‌دا ڕسوا دەکات. ناکرێ بیست ساڵ خەڵك بە دین ئەسیر بکەن‌و بکوتن‌و دواتریش بیست ساڵی تر بە قەومیەت‌و میللەت. ئێمە ڕێگا نادەین.

***ئەنتەرناسیۆنال: بەیاننامەکە سەهەڵدانی شیعاری فیدراڵیزم ڕاستەوخۆ گرێ دەدات بە مەسەلەی کوردەوە. ئەمە پێویستە تیشکێکی زیاتری بخرێتە سەر.***

**منصور حکمت:** هەروەك باسم کرد ناونانی میللی‌و قەومی لە خەڵك، چ جای بگات بە